## فەرمانگەی کۆچبەری تۆڕی عیراقی بەرینتر کردەوەتەوە

فەرمانگەی کۆچبەری تۆڕی پەیوەندی نزیکی لە باکووری عیراقدا پێکهێناوە، کە لێیەوە زۆربەی پەناخوازانێکی عیراقی کە لە فنلەنداوە داوای پەنابەرێتی دەکەن خەڵکی ئەوێن. نوێنەرەکانی فەرمانگەکە لە مانگی مەی ٢٠١١دا لە کاتی سەفەری بەدەستهێنانی زانیاریدا پەیوەندیان لەگەڵ زیاتر لە ٥٠ لایەن بەستوە:
کاربەدەستانی محەللی، سەفارەت و نوێنەرایەتی وڵاتانی جۆراوجۆر، رۆژنامەنووسان، سیاسەتمەداران و هەروەها لەگەڵ ڕێکخراوە جەماوەریەکان وئۆرگانە نێونەتەوەیەکانیشدا. لەڕێگەی ئەم تۆڕەوە زانیاریەکی ئێجگار زۆر سەبارەت وەزعیەتی عیراق کۆکراوەتەوە.

سەفەری بەدەستهێنانی زانیاری و پێکهێنانی تۆڕی پەیوەندیەکان بەشێکن لەو پرۆژەی- عیراقە کە لە ٢٠١١/١/١ دا دەستی پێکردوە، کە سندووقی یارمەتی گەڕانەوەی ئەوروپا لە بڕی پارەکەیدا بەشداری دەکات. بێجگە لە پێکهێنانی تۆڕەکە مەبەست لەم پرۆژەیە گەشەدان بە سیستمێکە، کە دەرفەتی بەدەستهێنانی زانیاری نوێ و کات وساتی پێویست و هەمەلایەنە لەسەر عیراق وەك وڵاتی سەرچاوەی پەنابەرێتی کە یەکێك لە مەبەستەکانی پشتیوانی کردنی فەرمانگەی کۆچبەریە لە دەرکردنی بڕیارەکانیدایە. هەروەها زانیاری سەبارەت بە وڵاتی سەرچاوەی کۆچ و پەنابەرێتی کەلکی لێ وەردەگیرێ بۆ خەملاندنی مەرجەکانی گەڕانەوەی پەناخوازانی عیراق بۆ ولاتی خۆیان بە شیوەیەکی ئاسایش. ئەم پرۆژەیە لە کۆتایی مانگی مارسی ٢٠١٢دا کۆتایی پێ دێت.

لەمانگی ئۆکتۆبەردا فەرمانگەی کۆچبەری سیمینارێکی بۆ گروپەکانی وابەستە– بۆ کارگێڕان، لێکۆڵەرەوان، نوێنەرانی رێکخراوە جەماوەریەکان و ئەو عیراقیانەی لە فنلەندا دەژین- رێکخست، کە تێیدا ئەنجامەکانی سەفەری بەدەستهێنانی زانیاری باس کرا وهەروەها پەیوەندی تازەش لەگەڵ ئەو رێکخراوە عیراقیانە بەسترا کە لە فنلەندا هەڵدەسوورێن. باقی کاربەدەستانی کۆچبەرێتی وڵاتانی ئەوروپایی لە مانگی ئۆکتۆبردا لە کۆبوونەوەی (Eurasil Workshop on Iraq)دا لەسەر ناوەرۆکی سەفەری بەدەستهێنانی زانیاری سەرەنجیان ڕاکێشرا.

## باری ئاسایشی باکووری عیراق نزیك بە جێگیرە

لەسەفەری بەدەستهێنانی زانیاری لە مانگێ مەیدا و دوای ئەوەش ئەوەی بینراوە و بیستراوە تا رێژەیەکی زۆر پشتیوانی لەو زانیاریانەی پێشووی فەمانگەی کۆچبەری سەبارەت وەزعیەتی ئاسایشی باکووری عیراق دەکات. باری ئاسایشی ناوچەی ئۆتۆنۆمی باکووری عیراق (KRG) نزیك بە جێگیرە.

هەر وەك وڵاتانی تر لە عیراقیشدا، هەروەها لە ناوچە کورد نشینەکاندا رووداوی بەهاری عەرەبی لە مانگەکانی شوبات- نیسانی ٢٠١١دا خۆپیشاندانەکانی داوای دیموکراسی دەستی پیکرد. لە خۆپێشاندانەکاندا داواکاری جێبەجێکردنی مافە بنەڕەتیە و مرۆڤانەکان و باشتر کردنی ، دابین کردنی خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان کرا هەروەها داوایان کرد کە بە گەندەڵی و واستەکاری کۆتایی پێ بهێنرێت. هێزەکانی ئاسایشی حکومەتی هەرێم لە رێگەی بەکارهێنانی زۆرەوە لە مانگی نیساندا کۆتاییان بە خۆپیشاندانەکان هێنا، لەو زەبروزەنگانەدا کە تێیدا بەکارهێنرا نزیکەی دە کەس کوژران و سەدان کەسی تریش بریندار بوون.

باری ئاسایش دوای وەرزی بەهار دووبارە جێگیر بووەتەوە، و حیزبە سیاسیەکان دیالۆگیان بە شێوەیەکی سیاسی لە بارێکی تەنگژەدا درێژە پی داوە. لەو سەفەرەی بەدەستهێنانی زانیاریەدا لە مانگێ مەیدا ئەوە بەرچاو بوو، کە بوونی هێزەکانی ئاسایش لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی باکووری عیراقدا لە پرسگاکان ودەوروبەری بینا حکومەتیەکاندا لە چاو پاییزی ٢٠٠٧دا بە روونی کەمتر بوەتەوە، کە تێیدا فەرمانگەی کۆچبەری سەفەری بەدەستهێنانی زانیاری پێشووی تێدا بۆ ئەو ناوچەیە ئەنجام دا.
کێشەو کۆنفلیکتی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردی خەڵکی تورکیا و کوردی خەڵکی ئێرانی لەناوچەی ئۆتۆنۆمی باکووری عیراق لە شاخەکانی باکووردا درێژەی هەیە، کە تورکیا و ئێران بەمەبەستی لێدان لە پێشمەرگەکانی رێکخراوی پ.ك.ك و پ.ژ.ا.ك دێهاتەکانی ئەو ناوچانەیان بۆمباران کردوە. بەهۆی ئەم کۆنفلیکتەوە چەندین

هەزار لە خەلکی دانیشتووی ئەو ناوچانە ناچار پەنایان بردوە بۆ ناوچە کوردیەکانی ناو خودی وڵاتەکە. بەهەر حاڵ ئەم کۆنفلیکتانە بە پلەی سەرەکی بۆ دەرەوەی ناوەندی دانیشتوانی ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی باکووری عیراق (KRG) پەلی نەکێشاوەتە.

**چوار پارێزگا و سێ شار وەك شوێنی نائاسایش تەماشا دەکرێن**

فەرمانگەی کۆچبەری ڕێنوێنیە عەمەلیەکانی خۆی کە لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی بەدەست هاتوون لە پرۆژەیەی –عیراقدا ئەبدەیت کردەوەتەوە، کە لە پەیوەند بە دەرکردنی بڕیار بۆ پەناخوازانێك کە هاوڵاتی عیراقین ڕێیمایی دەدات.

ڕێنوێنی نوێ شێوەی دەرکردنی بڕیار ناگۆڕێ، چونکە هەر ئەوانە ئەبدەیت کراونەتەوە کە لەپەیوەند بە زانیاری گشتی وڵاتەوەیە هەروەها ئەو یاسایانەش کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١١وە ئەو بڕیارە عەمەلیانەی لەلایەن دادگای بەڕێوەبەرایەتیەوە دەرکراون. بەگوێرەی بڕیارە دەرکراوەکانی ساڵانەی (KHO) ژمارە (٢٠١٠:٨٤) و باقی بڕیارەکانی تر کە لەلایەن دادگای بەڕێوەبەرایەتیەوە دەرکراوە، بەلەبەرچاو گرتنی ئەم بابەتانە فەرمانگەی کۆچبەری دەبینێتەوە، کە لە ناوەڕاستی عیراقدا چوار پارێزگا کە بریتین لە نینوی، صلاح الدین، کەرکوك و دیالی هەروەها شارەکانی فلوجە، رمادی و بەغدا ناوچەی نائەمن.
ئەمە بەو مانایەیە، کە پەناخوازێك کە ئەگەر بگێردرێتەوە بۆ وڵات زۆر بە جددیەوە دەکەوێتە بەر مەترسی زەبروزەنگی چەوسێنەرانەوە.، کە ڕێگر دەبێ لەبەردەم گەڕانەوەی بەسەلامەتی بۆ وڵاتەکەی. هەروەها پەناخوازانێك کە لەو ناوچانەوە دێن مۆڵەتی نشینگەیی لەسەر بنەمای پاراستنی پلە دووی پێ دەدرێ. بۆ ئەم پەناخوازانە تەنیا کاتێك پەنابەرێتی دەدرێت، کە ئەگەر هۆی تایبەت بە خۆیان هەبێ.

بۆ ئەوەی بتوانرێ بۆ پەناخوازێك مۆڵەتی نشینگەیی لەسەر بنەمای پاراستنی پلە دووی بەهۆی هەل ومەرجی ئاسایشی شوێنی ژیانی پێ بدرێت، دەبێ ئەو بتوانێ بە شێوەیەکی ڕاست کە جێگای باوەڕ بێت بیسەلمێنێ کە شوێنی ژیانی لە ریزی ئەو شوێنانەیە کە وەك ناوچەی نائاسایش چاویان لێ دەکرێت. سەلماندن و ڕوونکردنەوەکە دەتوانێ بۆ نموونە بەگوێرەی قسەوباسەکانی پەناخوازەکە بێت یان بە گوێرەی توێژینەوەی زمان بێت.

فەرمانگەی کۆچبەری بە دیقەتەوە ئاگاداری وەزعیەتی عیراقە و بەردەوام تەماشای دەکات تەنانەت دوای کۆتایی هاتنی پرۆژەکەش و لە کاتی پێویستدا دووبارە بە بڕیارەکانی خۆیدا دەچێتەوە. لەماوەیەکی نزیك ئەوەی بەتاتبەتی لەبەرچاوی دەگرن ئەوەیە، کە تا چەندە دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا کاریگەری لەسەر باری ئاسایشی وڵاتی عیراق دادەنێ.

**عیراقیەکان گەورەترین هاووڵاتیانی پەناخواز**

هاووڵاتیانی عیراقی گەورەترین گرووپێك بوون کە لە ساڵی ٢٠٠٧وە لە فنلەندا داوای پەنابەریتان کردوە. بەگوێرەی سەرژمێریکی سەرەتایی ٥٨٨ عیراقی لە ساڵی ٢٠١١ دا لە فنلەندا داوای پەنابەرێتیان کردوە، ساڵی پێشووتری ژمارەیان ٥٧٥ کەس بووە.

زانیاریەکان سەبارەت بە عیراق وەك وڵاتی سەرچاوەی کۆچ و پەناخوازان فاکتۆرێکی سەرەکیە، کاتێك فەرمانگەی کۆچبەری هەڵسەنگاندن دەکات سەبارەت بە باری ئەو پەناخوازانەی لەو وڵاتەوە هاتوون کە پێویستیان بە پاراستنی نێونەتەوەیی هەیە وسەبارەت بە مەرجەکانی گەڕانەوەیەکی ئاسایش وسەلامەت بۆیان.

**ڕاپۆرت بە زمانی ئینگلیزی لە تۆڕی ئینتەرنێتەوە بەدەست دێت**

سەبارەت بە سەفەری کۆکردنەوەی زانیاری ڕاپۆرتێك بە زمانی ئینگلیزی لێ ئامادە کراو، کە لە ماڵپەڕی فەرمانگەی کۆچبەریدا لە ناونیشانی .(www.migri.fi > Maatietopalvelu > raportit). بەدەست دێت.

**زانیاری زیاتر بۆ میدیاکان:**


- لێکۆڵەر مارتین ئایریستۆ (Martin Airisto)، یەکەی یاسا و زانیاری وڵات
  تەلەفون: ٠٧١٨٧٣٣٥٧٧، ئیمەیل:martin.airisto@migri.fi